# پڕۆژەی پەیڕەوی ناوخۆی
# یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

ئامادەکردنی ئەنجومەنی ناوەندی

٢٠١٨/٢/١١

سلێمانی

# بەشی یەکەم

## بنەما گشتییەکان

### ماددەی (١)

**یەکەم:** ناو؛ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کورتکراوەکەی (ی.ن.ك)ە.
**دووەم:** سنوری هەڵسوڕانو چالاکی؛ هەرێمی کوردستان، ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم، ناوچەکانی تری عێراقی فیدراڵو دەرەوەی وڵات.

### ماددەی (٢)

**یەکەم:** یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان حزبێکی سۆسیال دیموکراتە، خەبات دەکات بۆ فەرمانڕەوایی دروست، سەقامگیری ئاشتی، پتەوکردنی بەهاکانی ئازادی، دیموکراسی، هاوڵاتیبوون، مافی مرۆڤ، مافی چارەی خۆنوسین، بڕوای هەیە بە کلتوری یەکسانیو لێبوردەییو پێکەوەژیان.

**دووەم:** دروشم، ئارمو سرود پێکدێن لە:

١) دروشمەکان: ئاشتی، دیموکراسی، مافی مرۆڤ، مافی چارەی خۆنوسین، دادپەروەری کۆمەڵایەتی.
٢) ئارم: دەستێك گوڵی لالە (مێلاقە) چڵە زەیتونو گوڵە گەنمێکی بەرز کردۆتەوە.
٣) سرودی مەشخەڵان، سرودی فەرمی (ی.ن.ك)ە.

### ماددەی (٣)

پەیڕەوی ناوخۆ دەستوری کاری ڕێکخراوەیی (ی.ن.ك)ە، ئەندامو ئۆرگانەکانی، لە هەر پلەیەکدا بن، دەبێت پێوەی پابەند بن.

### ماددەی (٤)

لەهەموو ئۆرگانەکاندا، ڕێژەی ژن لانیکەم دەبێت لە (٢٥٪) سەدا بیستو پێنج بێت.

### ماددەی (٥)

**یەکەم:** کۆبوونەوەی ئۆرگانەکانی (ی.ن.ك) ڕێژەی یاسایی (النصاب القانوني) وەردەگرێت بەئامادەبوونی زۆرینەی ڕەها (٥٠+١).

**دووەم:** جگە لەو ماددانەی کە دەنگدان بەدەقێکی دیاریکراو ڕێژەیەکی جیاوازی بۆ دیاریکراوە، لە ئۆرگانەکانی (ی.ن.ك) دا دەنگدان بەزۆرینەی سادەی دەنگەکان دەبێت.

**ماددەی (٦)**

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان خاوەن کەسایەتی مەعنەوی خۆیەتی. لەبەردەم دامودەزگا حکومیو دادوەرییەکان (قضائي)و کەسو لایەنە ئاساییو مەعنەوییەکاندا سکرتێری ئەنجومەنی گشتی نوێنەرایەتی ئەو کەسایەتییە دەکات.

**ماددەی (٧)**

**یەکەم:** کۆنگرە بڕیار لەسەر هەر ئۆرگانێك بدا، لە ماوەی سێ مانگدا پێکدەهێندرێو ستافەکەی بە هەڵبژاردن دەبێت بەپێی ئەو ڕێکارانەی کە لە ئەنجومەنی گشتی دیاری دەکرێن.

**دووەم:** یەکە ڕێکخراوەییەکانی (ی.ن.ك) لەم پلەبەندییە ئۆرگانیانەی خوارەوە پێکدێن:

١) بازنەی کۆڵان: بریتییە لە یەکەی یەك کۆڵان یان چەند کۆڵانی گەڕەکێك لە ناو شار.

٢) بازنەی بلۆکبەند: بریتییە لە کۆمەڵبەندی چەند یەکەیەك لە بلۆکەکانی گەڕکێك لە ناو شار، هاوتەریبە لە گەڵ وێستگەی دەنگدان.

٣) بازنەی گەڕەك: بریتییە لە کۆکراوەی یەکەکانی کۆڵانو بلۆکەکانی گەڕەکێك لە ناوشار.

٤) بازنەی شاربەند: بریتییە لە دابەشبوونی شار بەسەر چوار کەرتی باکور، باشور، ڕۆژهەڵات، ڕۆژئاوا کە ژمارەیەك لە بازنەو ناوەندەکانی دەنگدان دەگرێتەخۆ.

٥) بازنەی دێ: بریتییە لە یەکەی گوند کە کۆی دەنگدەرانی لە (٣٠٠) کەس تێپەڕ نەکات.

٦) بازنەی دێشار: بریتییە لە یەکەی شارەدێ کە ژمارەی دەنگدەران لە سەرووی (٣٠٠)ەوە بێت.

٧) بازنەی ناحیە: بریتییە لە ئۆرگانی (ی.ن.ك) لەسەر ئاستی ناحیە.

٨) بازنەی دەڤەر: بریتییە لە ئۆرگانی (ی.ن.ك) لەسەر ئاستی قەزا.

٩) ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارێزگا: بریتییە لە ئۆگانی باڵای پارێزگاو ئیدارە هاوشێوەکان.

١٠) ئەنجومەنی گشتی: بریتییە لە ئۆرگانی گشتی هەڵبژێردراوی کۆنگرە لە سەر بنچینەی بەرکەوتی جوگرافی.

**سێیەم:** هەر ناحیەیەك ژمارەی دانیشتوانی بگاتە ئاستی ژمارەی دانیشتوانی قەزایەك، لە رووی ئۆرگانیو ڕێکخراوەییەوە هەمان ئاستی بازنەی دەڤەری پێ دەدرێ.

# بەشی دووەم

## ئەندامێتی

**ماددەی (٨)**

**یەکەم:** هەر هاوڵاتییەکی کوردستانو ناوچەکانی تری عیراقی فیدراڵو دەرەوەی وڵات، باوەڕی بەپرۆگرامو پەیڕەوی (ی.ن.ك) هەبێت، دەتوانێت ببێتە ئەندام.

**دووەم:** ڕێکخستنو ئەندامێتی لەسەر بنچینەی جوگرافیو ناوەندی هەڵبژاردن دەبێت، هەر ئەندامێك لەکاتی گواستنەوە یان ئاڵوگۆڕی شوێنی نیشتەجێبوون، دەتوانێت لەسەر بنچینەی وێستگەی دەنگدان، داوا لە ئۆرگانەکەی بکات بۆ گواستنەوە.

## مەرجەکانی ئەندامێتی

**ماددەی (٩)**

**یەکەم:** مەرجەکانی ئەندام:

١) ئەندام تەمەنی لە (١٨) هەژدە ساڵ کەمتر نەبێت.
٢) داوایەك بەنوسراو پێشکەش بکات، بە ئامادەبوونی خۆی لە لایەن لێپرسراوی دەڤەرەوە پەسند بکرێ.
٣) پاپەندی پەیڕەو بێتو بۆ جێبەجێکردنی پرۆگرام تێبکۆشێت.
٤) لەئۆرگانێکی (ی.ن.ك) چالاکی بنوێنێت.
٥) ناو و ناوبانگی باشبێت.
٦) پەیوەندی بە هیچ پارتو لایەنێکی تری سیاسییەوە نەبێت.
٧) لانیکەم هۆشیاری سیاسیو نیشتمانیی هەبێت.
٨) لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنە گشتییەکاندا بەشداری بکات.
٩) ئابوونە بدات.

**دووەم:** پەیوەست خاڵی (٩) لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە، ناوەندی کاروباری ڕێکخستن ڕێنمایی تایبەت بە بڕو چۆنیەتی وەرگرتنی ئابونە دەردەکات.

## مافەكانی ئەندام

**ماددەی (١٠)**

**یەكەم:** ئەندام ئەم مافانەی خوارەوەی هەیە:

١) هەر ئەندامێك مافی هەیە لەچوارچێوەی پەیڕەوی ناوخۆدا خۆی بۆ ئۆرگانەكانی (ی.ن.ك) بپاڵێوێت.
٢) پرسیارو پێشنیازكردنو رەخنەگرتن لەهەر ئەندامو ئۆرگانێكی (ی.ن.ك)، بەزارەكی یاخود بەنوسینو لەهەر بابەتێكی سیاسیو رێكخراوەییو داراییدا لەرێگەی ئۆرگانەكانی خۆیو لەچوارچێوەی (ی.ن.ك) دەبێت.
٣) ئەو ئەندامانەی كە ساڵانێكی زۆرە ئەندامنو خزمەتێكی زۆری (ی.ن.ك)یان كردووە، بەپێی بەرنامەیەكی دادپەروەرانەی تایبەت، دەستەی جێبەجێكار دەتوانێ لەرووی ماددیو مەعنەوییەوە رێزیان لێ بگرێت.
٤) لەكاتی لێپرسینەوە لە ناو (ی.ن.ك)دا، مافی بەرگریكردنی لە خۆی هەیە.

**دووەم:** داواكردنەوەی ئەندامبوونەوە لە (ی.ن.ك)دا، بە نوسراوێك دەبێت كە ئاراستەی ئۆرگانی باڵاتری سنوری نیشتەجێبوونی خۆی بكات.

## ئەركەكانی ئەندام

**ماددەی (١١)**

**یەكەم:** ئەندام ئەم ئەركانەی خوارەوەی هەیە:

١) دڵسۆزانە بۆ جێبەجێكردنی ئامانجەكانی (ی.ن.ك) تێبكۆشێت.
٢) یەكێتی ریزەكانی ناو (ی.ن.ك) بپارێزێت.
٣) دژی دەستەگەریو ناوچەگەریو هۆزگەریو گەندەڵی بێت.
٤) هەوڵی بەرزكردنەوەی ئاستی هۆشیاری، سیاسیو نەتەوەیی خۆیو هەڤاڵەكانی بدات.
٥) نهێنییەكانی (ی.ن.ك) بپارێزێتو راستییەكانی لێ نەشارێتەوە.
٦) بەرگری لەبەرنامەو سیاسەتی (ی.ن.ك)و سەروەرییەكانی بكات.
٧) بەرژەوەندی (ی.ن.ك) بخاتە سەرووی بەرژەوەندی خۆیو بەرژەوەندی گەلو نیشتمان لەسەرووی هەموو بەرژەوەندییەكانیەوە رابگرێت.
٨) هەوڵبدات دۆستو لایەنگرو دەنگدەر بۆ (ی.ن.ك) پەیدا بكات.

**دووەم:** پارێزگاریكرن لەسەروەری یاساو مافەكانی مرۆڤو ژینگە بەئەركی خۆی بزانێت.

## لەدەستدانی ئەندامێتی و سزادان

**ماددەی (١٢)**

**یەکەم:** ئەندام لەئەندامێتی (ی.ن.ك) دەکەوێت بەهۆی مردن، وازهێنان، یان دەرکردن.

**دووەم:** ناپاکی سیاسی، نیشتمانیو نەتەوەیی.

**سێیەم:** کارکردن بۆ پاڵێوراوی پارتەکانی تر لە کاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنە گشتییەکاندا.

**چوارەم:** لە دەستدانی هەر یەکێك لە مەرجەکانی ئەندامیەتی کە لە ماددەی (٩) نۆدا هاتووە.

## سزادانو جۆرەکانی

**ماددەی (١٣)**

**یەکەم:** جۆرەکانی سزادان: سەرنجڕاکێشان (لفت النظر)، هۆشداری (الإنذار)، هەڵپەساردن (لەکارخستن)، دەرکردن.

**دووەم:** هەر ئەندامێك لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی سەرشانی کەمتەرخەمی نواند، یان دەستەگەریو گێرەشێوێنی ئەنجامدا، یان گوفتارو کرداری بووە مایەی تێکدانی پەیوەندییەکانی (ی.ن.ك)و جەماوەری (ی.ن.ك)و حزبو لایەنەکانو بەرژەوەندی گەلو نیشتمانو (ی.ن.ك) بە ئەندازەو جۆری کەمتەرخەمیو سەرپێچییەکەی، بەمشێوەی خوارەوە سزا دەدرێت:

١) سەرنجڕاکێشان: سزایەکە بە نوسراوێکی فەرمی ئاراستەی ئەندامی سەرپێچیکار دەکرێت، تیایدا سەرنجی رادەکێشرێ بۆ ئەو سەرپێچییەی ئەنجامیداوەو هۆکاری سزاکەشی تیادا روون دەکرێتەوە. ئەم سزایە لە لایەن دەڤەری قەزاو سەرکردایەتی پارێزگاو ئیدارە هاوشێوەکان، لە سنوری چالاکی خۆیاندا دەریدەکەن کە کاریگەری دەبێت لەسەر کاندید کردنی ئەو ئەندامە بۆ هەر پلەو پایەیەکی حزبیو حکومی.

٢) هۆشداری (الانذار): سزایەکە بە نوسراوێکی فەرمی ئاراستەی ئەندامی سەرپێچیکار دەکرێ تیایدا جۆری سەرپێچییەکەی روون دەکرێتەوەو هۆکاری سزاکەشی دیاری دەکرێت. ئەم سزایە لەو کاتەدا دەبێت کە ئەندامێك پێشتر بە (سەرنجڕاکێشان) سزا درابێتو بەردەوام بووبێت لەسەر سەرپێچیکردن. دەڤەری قەزاو سەرکردایەتی پارێزگاو ئیدارە هاوشێوەکان دەتوانن بە رێکارەکانی ئەم برگەیە کارڕاییەکانی سزادان جێبەجێ بکەن. ئەم سزایە دەبێتە هۆی بڕینی هەموو هاوکارییەکی ماددیو مەعنەوی ئەندامی سەرپێچیکار کە ماوەی

سزادنەکەی لە (٣) مانگ کەمترو لە (٦) مانگ زیاتر نەبێت، کاریگەریشی دەبێت لەسەر کاندید کردنی ئەو ئەندامە بۆ هەر پلەو پایەیەکی حزبیو حکومی.

٣) هەڵپەساردن: سزایەکە بە فەرمی دەردەکرێتو وێنەی دەدرێت بە ئەندامی سزادراو. ئەم سزایە ناوەندی کاروباری رێکخستن دەریدەکات لەسەر پێشنیازی سەرکردایەتی پارێزگاو ئیدارە هاوشێوەکان کە هەڵپەساردن بۆ ماوەی کەمتر نەبێت لە (٣) سێ مانگو زیاتر نەبێت لە (٦) مانگ. سزای هەڵپەساردن دەبێتە هۆی راگرتنی هەموو هاوکارییەکی ماددیو مەعنەوی ئەو ئەندامە کە حیزب پێی بەخشیوە بە درێژایی ماوەی سزاکە هەروەها دەبێتە هۆی لەدەستدانی کۆی ئەو خاڵانە دەبنە بنچینەی بەرزکردنەوەی پلەکانی رێکخستن بەپێی سیستەمی پلەبەندی کە لە ئەنجومەنی گشتییەوە بەپێی رێسایەکی تایبەت دیاری دەکرێ.

**سێیەم:** لە کاتی بەردەوامبوونی ئەندام لە ئەنجامدانی پێشێلکاری تر، یان ئەو پێشێلکارییانەی بەهۆیەوە سزادراوە، واتە سەرنجڕاکێشان، هۆشداری (الإنذار)و هەڵپەساردنی وەرگرتبێت، بەپێی قەبارەی پێشێلکارییەکەی، بەمشێوەی خوارەوە پلەکەی دادەگیرێت:

١) ئەندامو ئەندامی کاراو ئەندامی باڵا بڕیاری پلەداگرتنیان لە دەسەڵاتی سەرکردایەتی پارێزگاو ئیدارە هاوشێوەکان دایە.

٢) جگە لەوانەی پلەی ئەندامی ئەنجومەنی گشتییان هەیە، لە ئەندامی باڵا بۆسەرەوە تا ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارێزگاو ئیدارە هاوشێوەکان، پلەداگرتن لە دەسەڵاتی ناوەندی کاروباری رێکخستن دایە.

٣) پلەداگرتنی کاردێرانی ناوەندی کاروبار، ئەندامانی کاروبارو ئەندامانی مەکتەبەکانو پلە هاوشێوەکان، تا ئاستی ئەنجومەنی گشتی، لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی گشتیدایە.

**چوارەم:** دەرکردن:

ئەندام لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە دەردەکرێت:

١) کارکردن دژ بە بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلو نیشتمان.

٢) کارکردن دژ بە سیاسەتی (ی.ن.ك)و هەوڵدان بۆ تێکدانی ریزەکانی.

٣) بەکارهێنانی پۆستە حزبییەکەی بۆ بەرژەوەندی خۆی.

٤) بەرژەوەندی تایبەتی خۆی بخاتە سەرووی بەرژەوەندییەکانی (ی.ن.ك).

٥) درکاندنی نهێنییەکانی (ی.ن.ك).

٦) کارکردن دژ بە پاڵێوراوانو بەرنامەی (ی.ن.ك) لەکاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا.

٧) لەپەیڕەو و پرۆگرامی (ی.ن.ك) لابدات.

٨) هەر ئەندامێك لەهەر پلەیەكدا بێت تاوانی كوشتنی بە ئەنقەستو ئابڕوبەری (جريمة مخلة بالشرف)ی سەلمێنراو بەبڕیارێكی دادگای ئەنجام دابێت مافی ئەندامێتی لە دەستدەدات.
٩) هەر ئەندامێك پلەیەكی حزبی هەبووبێتو فەرمانی دەركردنی بۆ دەرچووبێت، دوای وەرگرتنەوەی بە ئەندام، دەبێت سەرجەم پلەكانی ڕێكخستن لەسەرەتاوە ببڕێتەوە.

### ماددەی (١٤)

بڕیاری دەركردن لەدەستەی جێبەجێكارەوە دەردەچێت، دوای خستنەڕووی بەڵگەو پاساوەكان، لەلایەن ئەنجومەنی گشتی پەسند دەكرێت.

### ماددەی (١٥)

**یەكەم:** ئەگەر ئەندام سزادانەكەی بەلاوە ڕەوا نەبوو، مافی پێداچوونەوەی (تانەلێدان) لە ڕێگای ئۆرگانەكانی خۆیەوە هەیە لە بەردەم كۆمسیۆنی سكاڵاو مافی مرۆڤ، بڕیاری كۆتاییش لە ئەنجومەنی گشتی دەردەچێت.

**دووەم:** هەر ئەندامێك كە پێشتر وازی لە (ی.ن.ك) هێنابێت یان مافی ئەندامێتی لەدەست دابێت، جگە لەوانەی تاوانی ئابڕوبەرانەن (المخلة بالشرف)یان ئەنجام دابێت، مافی داواكردنەوەی ئەندامێتیان هەیە.

## كادیر

### ماددەی (١٦)

**یەكەم:** كادیر ئەو ئەندامە حزبییە كە ئەرك یاخود لێپرسراویەتی ئۆرگانێك دەگرێتە ئەستۆ.

**دووەم:** مەرجەكانی بوون بە كادیر:

١) خاوەنی كەسایەتییەكی كۆمەڵایەتیو جەماوەری بێت.
٢) ناو ناوبانگی باش بێت.
٣) یەكێك لەپلەكانی ڕێكخستنی بەسەركەوتووی بڕیبێت، خۆشەویستی ناو ڕێكخستنو جەماوەر بێت.
٤) ئاسۆی بیركردنەوەی فراوان بێتو خاوەنی بۆچوونی خۆی بێت سەبارەت بەهەر بابەتو ڕوداوێكی كتوپڕی (ناكاو) ناوچەیی.
٥) تواناى سازكردنی كۆڕو سمیناری هەبێت.

٦) دەرچووی پەیمانگای کادیران بێت.
٧) لەکاتی سەرکەوتندا لەخۆی بایی نەبێتو لەشکستدا بەورەو خۆڕاگر بێت لەئاست پڕوپاگەندەی ناحەزانو دوژمناندا.

**سێیەم:** ئەرکەکانی کادیر:

١) دڵسۆزانە خەبات بکات بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی (ی.ن.ك).
٢) پارێزگاری لەیەکێتی ناو (ی.ن.ك)و نهێنییەکان بکات.
٣) بەردەوام هەوڵی بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیری خۆی بدات.
٤) بوێرانە روبەڕوی دیاردە دزێوەکان ببێتەوە بەتایبەتی دیاردەکانی باڵباڵێن، دەستەگەری، ناوچەگەری، هۆزگەری، تاکپەرستی، گەندەڵی و هەر دیاردەیەکی تر کە زیان بە بەرژەوەندییە باڵاکانی کوردستانو (ی.ن.ك) بگەیەنێت.
٥) لەسنوری چالاکی خۆیدا پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لەگەڵ سەرجەم چینو توێژەکانو رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دروست بکاتو هەوڵی هێنانەدی ئامانجو داواکارییەکان بداتو پارێزگاری لەبەرژەوەندییەکانیان بکات.
٦) رێز لەیاساو سەروەرییەکانی بگرێت.
٧) کارکردن بۆ بەرجەستەکردنی گیانی برایەتیو پێکەوە ژیانو رەخساندنی کەشێکی ئارامو ئاشتەوایی لەنێوان سەرجەم پارتو هێزە سیاسیەکانو تاك بەتاکی کۆمەڵگەی کوردستان.
٨) کارکردن بۆ دروستکردنو جوڵاندنی رای گشتی لەبەرژەوەندی ستراتیژو ئامانجەکانی (ی.ن.ك) دا.
٩) ئامادەی کارکردن بێت لەهەر شوێنێك کە (ی.ن.ك)  پێویستی بێتو داوای لێ بکات.

**چوارەم:** مافەکانی کادر:

١) هەمان ئەو مافانەن کەپەیڕەوی ناوخۆی پەسندکراوی کۆنگرەی (٤) چواری (ی.ن.ك) بۆ هەر ئەندامێکی (ی.ن.ك) دیاریکردووە، وێڕای پێدانی موچەیەکی دیاریکراوی شایستە بەئەرکی کادیری تەرخان.
٢) مافی یەکسان بۆ سەرجەم کادیران دابین بکرێت لەسەر ئاستەکانی جوگرافیو ئۆرگانەکان بەتایبەتی لەخولەکانی پێگەیاندنو گرفتەکانی نەخۆشی لەناوەوەو دەرەوەی وڵات.

## بەشی سێیەم

### کۆنگرە

**ماددەی (١٧)**

کۆنگرە باڵاترین ئۆرگانو دەسەڵاتی (ی.ن.ك)ە. هەر چوار ساڵ جارێك دەبەسترێت.

**ماددەی (١٨)**

نابێت، لە هیچ بارێکدا، کۆی گشتی ئەندامانی کۆنگرە لە (٧٥٠) ئەندام تێپەڕ بکات. ئەندامانی کۆنگرە پێکدێن لە:

١) ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەر، بێ هەڵبژاردن ئەندامی کۆنگرە دەبن.
٢) ئەندامانی ئەنجومەنی گشتی، بێ هەڵبژاردن ئەندامی کۆنگرە دەبن.
٣) نوێنەرانی رێکخستنو سەرجەم ئۆرگانەکانی دیکە بە هەڵبژاردن دەبێت، بەپێی ئەو رێژەیەی بۆیان دیاری دەکرێت.

**ماددەی (١٩)**

**یەکەم:** کۆمسیۆنێك بەناوی کۆمسیۆنی باڵای ئامادەکاری کۆنگرە بە بڕیاری ئەنجومەنی گشتی پێکدەهێندرێت.

**دووەم:** ئەندامانی کۆمسیۆنی باڵای ئامادەکاری کۆنگرە، دوای دیاریکردنی ژمارەیان لە ئەنجومەنی گشتی، مافی خۆپاڵاوتنیان بۆ ئەنجومەنی گشتی نابێ.

**سێیەم:** شەش مانگ بەر لە کۆنگرە، کۆمسیۆنی باڵای ئامادەکار، بە هاوکاری ناوەندی ئامارو راپرسیو هەڵبژاردنو ناوەندی کاروباری رێکخستن، ئامادەکاری پێویست دەکات بۆ کۆنگرە.

**ماددەی (٢٠)**

**یەکەم:** کۆمسیۆنی باڵای ئامادەکاری کۆنگرە تۆماری سەرەتایی ئەندامانی کۆنگرە ئامادە دەکاتو (٣٠) سی رۆژ پێش کۆنگرە بڵاوی دەکاتەوە.

**دووەم:** دوای بڵاوکردنەوەی تۆماری سەرەتایی ئەندامانی کۆنگرە، هەر ئەندامێکی (ی.ن.ك) تانەی لە تۆماری سەرەتایی ئەندامانی کۆنگرە هەبوو، لە ماوەی (٧) رۆژدا پێشکەشی دەکات.

**سێیەم:** تانەکان ئاراستەی کۆمسیۆنی سکاڵاو مافی مرۆڤ دەکرێن لە ئەنجومەنی گشتی، کە لەماوەی (٣) سێ رۆژدا پێویستە بڕیار لە تانەکان بداتو یەکلاییان بکاتەوە.

**چوارەم:** بڕیاری کۆمسیۆنی سکاڵاو مافی مرۆڤ یەکلاکەرەوەیەو پلەی کۆتایی وەردەگرێتو پێویستە جێبەجێ بکرێت.

**پێنجەم:** پاش تێپەڕبوونی ئەو ماوەیەی لە برگەی (٢) دووی ئەم ماددەیەدا هاتووە، دوای یەکلابوونەوەی تانەکان، کۆمسیۆنی باڵای ئامادەکاری کۆنگرە، پێش (١٥) پازدە ڕۆژ لە وادەی دیاریکراو بۆ بەستنی کۆنگرە، تۆماری کۆتایی ئەندامانی کۆنگرە بڵاو دەکاتەوە.

### ماددەی (٢١)

لە بەر هەر هۆیەك، کۆنگرە لە کاتی خۆی نەکرا ببەسترێت، تەنها پلینوم دەتوانێت بۆ ماوەی (٣-٦) مانگو بۆ (١) یەك یەکجار کۆنگرە دوا بخات، لە کاتی نەبەستنی کۆنگرە لەو ماوەیەدا ئەنجومەنی گشتی رەوایی نامێنێو هەڵدەوەشێتەوە.

### ماددەی (٢٢)

ئەگەر زیاتر لە نیوەی سەرجەمی ژمارەی ئەندامانی کۆنگرە ئامادەی کۆنگرە بوون، کۆنگرە رەوایی پێویست وەردەگرێ.

## ئەرکو دەسەڵاتەکانی کۆنگرە

### ماددەی (٢٣)

**یەکەم:** ئەرکو دەسەلاتەکانی کۆنگرە بریتین لە:

١) هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی گشتی.
٢) هەڵسەنگاندنو پەسندکردنی راپۆرتی گشتی دەستەی باڵا.
٣) هەڵسەنگاندنی سیاسەتی (ی.ن.ك) لە نێوان دوو کۆنگرەو بڕیاردان لەسەر سیاسەتی نوێ بۆ چەسپاندنی رێبازی (ی.ن.ك)و هەڵسەنگاندنی سیاسەتە پیادەکراوەکان لە هەرێمی کوردستانو عیراقی فیدرڕاڵ.
٤) پەسندکردنی راپۆرتو بڕیاردان لە کۆنگرەدا بە زۆرینەی سادەی دەنگی ئامادەبووان دەبێت.
٥) تاوتوێکردنی ئەو مەسەلانەی کە کۆنگرە بە پێویستی دەزانێت بڕیاریان لەسەر بدات.
٦) بڕیاردان لەسەر سکاڵاو پێشنیازە پێشکەشکراوەکان.
٧) هەڵبژاردنی لیژنەیەك لە لایەن کۆنگرەوە بۆ نوسینەوەو هەڵەچنیو دارِشتنەوەی پەیرەو و پرۆگرامی ناوخۆ کە لەلایەن کۆنگرەوە پەسند بکرێ.

٨) رادەستکردنی سەرجەم بەڵگەنامەو تۆمارەکانی کۆنگرە بۆ دەستکاریکردن، لە لایەن لیژنەی سەرپەرشتیارەوە بۆ ئەنجومەنی گشتی هەڵبژێردراو.

**دووەم:** هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی گشتی بە یەك بازنە دەبێت، دەبێ ئەندامی دەنگدەری کۆنگرە دەنگەکانی خۆی دابەشی سەرجەم ناوچە جوگرافییەکانی کوردستان بکات.

**سێیەم:** کۆنگرە، بەپێی ڕێژەی دەنگهێنانی (ی.ن.ك) لە دوایین هەڵبژاردنەکاندا، کۆتا بۆ ئێزدی، فەیلی، تورکمەن، مەسیحی، عەرەب، شەبەك، کاکەیی‌و سەرجەم پێکهاتەکانی تری کوردستان لە بەرکەوتی پارێزگاکان بۆ ئەنجومەنی گشتی مسۆگەر دەکات.

**چوارەم:** دەرکردنی ڕاگەیاندنی کۆتایی لە لایەن لیژنەی سەرپەرشتیکردنی کۆنگرە.

## کۆنگرەی نائاسایی

### ماددەی (٢٤)

**یەکەم:** کۆنگرەی نا ئاسایی لەو کاتەدا دەبەسترێت، کە قەیرانێك یان ڕووداوێکی گرنگ دێتە پێشەوە، کە کاریگەی لەسەر ئایندەی گەلی کوردستان‌و (ی.ن.ك) هەبێت.

**دووەم:** لەسەر داواو بڕیاری (٤/٣)ی ئەندامانی ئەنجومەنی گشتی کۆنگرەی نائاسایی دەبەسترێت.

**سێیەم:** لانیکەم مانگێك پێش بەستنی کۆنگرەی نا ئاسایی، کاتی بەستنی دیاری دەکرێت.

**چوارەم:** کۆنگرەی نائاسایی هەمان دەسەڵاتەکانی کۆنگرەی ئاسایی هەیە.

**پێنجەم:** ئەندامانی کۆنگرەی ئاسایی پێشوو دەبنەوە ئەندامی کۆنگرەی نائاسایی.

## کۆبوونەوەی فراوان (پلینوم)

### ماددەی (٢٥)

**یەکەم:** بە مەبەستی پێداچوونەوەی کاروبارەکانی (ی.ن.ك)و وەرگرتنی بیروڕای زۆرترین ژمارەی ئەندامان، پلینوم دەبەسترێت.

**دووەم:** لەسەر داواو بڕیاری (٣/٢) ئەندامانی ئەنجومەنی گشتی پلینوم دەبەسترێت.

**سێیەم:** بەشدارانی پلینوم پێکدێت لە ئەندامانی ئەنجومەنی گشتی، کاردێری ناوەندەکان، ئەندامانی کاروبار، مەکتەبەکان‌و ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارێزگاو ئیدارە هاوشێوەکان.

**چوارەم:** دەسەڵاتی گۆڕینی پرۆگرام‌و پەیڕەو نییە.

**پێنجەم:** دەتوانێت (١٠٪)ی ئەندامانی ئەنجومەنی گشتی بگۆڕێت بەپێی ئەو ڕێکارانەی لە ناو پلینوم دەستنیشان دەکرێن.

# بەشی چوارەم
# ئەنجومەنی گشتی

## پێکهاتەی ئەنجومەن

**ماددەی (٢٦)**

**یەکەم:** ئەنجومەنی گشتی پێکدێت لە (١٢١) ئەندام کە لە کۆنگرە هەڵدەبژێردرێن.

**دووەم:** هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی گشتی لەسەر بنچینەی دابەشبوونی جوگرافیای پارێزگاو ئیدارە هاوشێوەکان، بە ڕەچاوکردنی تواناو لێهاتوویی، دەبێت.

**سێیەم:** هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی گشتی لەسەر بنچینەی پێوەری ڕێژەی دوایین دەنگهێنانی (ی.ن.ك) دەبێت لە ناوچەکاندا.

**چوارەم:** هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی گشتی لە ناو کۆنگرە بە یەك بازنە دەبێت، بە مەرجێك بەرکەوتی سەرجەم ناوچە جوگرافییەکان بەپێی بڕگەی (٢)ی ئەم ماددەیە ڕەچاو بکرێ.

**پێنجەم:** ئەو پارێزگایانەی بەرکەوتی نوێنەرانیان بگاتە (٢٨) بیستو هەشت ئەندامی ئەنجومەنی گشتی، دەبێ لە پشکی خۆیان بە ڕێژەی (٨٪) ببەخشنە ئەو پارێزگایانەی ڕێژەیەکی کەمی ئەندامانیان بەردەکەوێ لە هەرێمو ناوچە کوردستانییەکان.

**شەشەم:** ئەنجومەنی گشتی لەنێو ئەندامەکانیو لە یەکەم دانیشتنیدا لە دوای کۆنگرە، سکرتێرێكو جێگرێكو بڕیاردەرێك بە دەنگدانی نهێنی ڕاستەوخۆ، بەزۆرینەی رەهای دەنگ هەڵدەبژێرێت.

**حەوتەم:** نابێت ڕێژەی ژن لە ئەنجومەنی گشتی دا (٢٥٪) کەمتر بێت.

**هەشتەم:** نابێت تەمەنی سکرتێری ئەنجومەنی گشتی لە (٤٠) ساڵ کەمتر بێت.

نۆیەم: ئەندامانی سکرتاریەتی ئەنجومەنی گشتی دەبێت کاتی خۆیان بۆ کاری ئەنجومەن تەرخان (تفرغ) بکەن.

**دەیەم:** ئەندامانی ئەنجومەنی گشتی، جگە لە پۆستە سیادیەکان، نابێت هیچ پۆستێکی دیکەی حکومیو پەرلەمانی وەربگرن، بە پێچەوانەوە پلەی ئەندامی ئەنجومەنی گشتی لە دەست دەداتو بەپێی ڕیزبەندی دەنگهێنانی کۆنگرە شوێنەکەی پڕ دەکرێتەوە.

**یازدەم:** دوای کۆنگرە، بە تەمەنترین ئەندامی هەڵبژێردراوی ئەنجومەنی گشتی، بەهاوکاری ناوەندی ئامارو راپرسیو هەڵبژاردن، داوای یەکەمین دانیشتنی ئەنجومەنی گشتی دەکات لە ماوەی (٣-٥) رۆژ.

## مەرجەکانی ئەندامی ئەنجومەنی گشتی:

**ماددەی (٢٧)**

**یەکەم:** تەمەنی (٣٠) سی ساڵ کەمتر نەبێت.
**دووەم:** لە ئاستێکی هۆشیاریو سیاسی سەرکەوتوودا بێت.
**سێیەم:** لانیکەم (٧) ساڵ کاری لە ئۆرگانەکاندا کردبێت.
**چوارەم:** ناپاکی نیشتمانییو نەتەوەیی نەکردبێت.
**پێنجەم:** مەرجەکانی تری ئەندامێتی تێدابێت.

**ماددەی (٢٨)**

**یەکەم:** ئەو ئەندامانەی کە دەیانەوێت خۆیان بۆ ئەندامیەتی ئەنجومەنی گشتی بپاڵێون، پێویستە پوختەی کەسێتی (**CV**)ی خۆیان پێشکەش بە ناوەندی کاروباری ئامارو راپرسیو هەڵبژاردن بکەن.
**دووەم:** دەرگای خۆپالاوتن بۆ ئەنجومەنی گشتی (١٥) رۆژ پێش دەستپێکردنی کۆنگرە دادەخرێت.
**سێیەم:** پاش کۆتاییهاتنی ماوەی خۆپالاوتن، کۆمیسیۆنی باڵای ئامادەکاری کۆنگرە ناوەکان رادەگەیەنێت، دوای ئەمە هیچ کەسێکی تر بۆی نییە ناوی دیکە زیاد بکات.

## ئەرکو دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی گشتی

**ماددەی (٢٩)**

**یەکەم:** ئەنجومەنی گشتی ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوەی هەیە:
١) بەرزترین دەسەڵاتە لە نێوان دوو کۆنگرەدا، بەرپرسە لە بەدواداچوونی بڕیارو راسپاردەکانی کۆنگرە.
٢) دارشتنی سیاسەتی گشتی لەسەر ئاستی ناوخۆییو دەرەکیو پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی (ی.ن.ك) لەگەڵ لایەنەکانی تر.
٣) هەڵسەنگاندنو هەموارکردنو پەسندکردنی هەنگاو و میکانیزمەکانی جێبەجێکردنی ستراتیژو پلانی سیاسی ماوە کورتو درێژخایەن کە لەلایەن دەستەی باڵا پێشکەشی ئەنجومەنی گشتی دەکرێ.
٤) چاودێریکردنی ئیشوکاری ئۆرگانەکان.

٥) دەرکردنی رێسای تایبەت بۆ چۆنیەتی رێکخستنی کاروبارەکانی ناوخۆی (ی.ن.ك) لەسەر هەموو ئاستو ئۆرگانێکدا.

**دووەم:** دەبێ مانگانە جارێك دانیشتنی ئاسایی خۆی ئەنجام بدات.

**سێیەم:** ئەو رێسایانەی کە ئەنجومەنی گشتی دەریان دەکات، پابەندی بۆ سەرجەم ئاستو ئۆرگانەکان هەیەو دەبێت جێبەجێ بکرێن (وجوب التفيذ).

**چوارەم:** جگە لە سکرتێری ئەنجومەنی گشتی، لە دانیشتنی دووەمی خۆیدا لە ماوەی (٧) حەوت رۆژ، دوای دانیشتنی یەکەم، سێ ئەندام بۆ دەستەی بالاّ بەزرۆینەی رەهای دەنگی ئەندامان، لەنێو ئەندامانی ئەنجومەنی گشتی هەڵدەبژێردرێن، بەمشێوەیە:

١) راکاری سیاسی،

٢) راکاری رێکخراوەیی،

٣) راکاری مەکتەبەکان.

**پێنجەم:** پەیڕەوی کار بۆ خۆی دادەنێت، بەمەرجێك لێکدژ نەبێت لەگەڵ پەیڕەوی ناوخۆی (ی.ن.ك).

**شەشەم:** کاردێرانی ناوەندی کاروبار، ئەندامانی کاروبارو ئەندامانی مەکتەبەکان بەبێ پەسندکردنی ئەنجومەنی گشتی فەرمانی کارگێڕیو دەستبەکاربوونیان بۆ دەرناچێت.

**حەوتەم:** دوای خستنەڕووی هۆکارو بەڵگەکان، بە زۆرینەی دەنگ، دەتوانێ لە کاتی پێویستدا هەر ئەندامێکی برگەی (١٠) ئەم ماددەیە هەڵپەسێرێت، یاخود لە کاری بخات.

**هەشتەم:** لەسەر داوای لانیکەم (٢١) بیستو یەك ئەندامی ئەنجومەنی گشتی، ئەندامو لێپرسراوی هەر ئۆرگانێکی حزبیو حکومیو پەرلەمان، بە مەبەستی لێپرسینەوەو لێپێچینەوە بانگهێشت دەکات.

**نۆیەم:** ئەو رێککەوتنە گرنگانەی کە پەیوەندییان بە پرسە نەتەوەییە چارەنوسسازەکانو بەرژەوەندی بالاّی (ی.ن.ك)و هاوپەیمانێتی هەڵبژاردنەوە هەیە، کە دەستەی بالاّ بەشێوەیەکی سەرەتایی رێکارەکانی ئامادە دەکات، پاش پەسندکردنی (٣/٢)ی ئەندامانی ئەنجومەنی گشتی، کاریان پێ دەکرێت.

**دەیەم:** پەسندکردنی لیستو ناوی پاڵێوراوان بۆ هەڵبژاردنە گشتیەکانو کابینەی وەزاریو ئەنجومەنی پارێزگاو شارەوانیو ئەنجومەنە خۆجێییەکان مانگێك بەر لە تۆمارکردنی ناوی پاڵێوراوان لە کۆمیسیۆنی بالاّی هەڵبژاردنەکانەوە.

**یازدەم:** ئەندامانی پاڵیوراوی هەڵبژاردنە گشتییەکان دەبێ لەبەردەم ئەنجومەنی گشتی بەڵێننامە پڕ بکەنەوەو پێیەوە پابەند بن.

**دوازدەم:** پەسندکردنی پەیڕەوی کاری دەستەی بالاّ، دەستەی جێبەجێکار، ناوەندی کاروبارەکانو ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارێزگاو ئیدارە هاوشێوەکان لە ماوەی (٦٠) شەست رۆژدا.

**سێزدەم:** پەسندکردنی بودجەی گشتی ساڵانەی (ی.ن.ك).
**چواردەم:** لێسەندنەوەی متمانەو کێشانەوەی ئەندامانی دەستەی باڵاو ڕێکبار (لێپرسراو)ی ناوەندەکان لە دەستەی جێبەجێکارو گۆڕینیان بە ڕێژەی (٣/٢)ی دەنگی ئەندامانی ئەنجومەنی گشتی.
**پازدەم:** لەسەر داوای (٣١) ئەندامی ئەنجومەنی گشتی، لێسەندنەوەی متمانەی سکرتێری ئەنجومەنی گشتی دەخرێتە بەرنامەی کاری داهاتووی ئەنجومەن.
**شازدەم:** لێسەندنەوەی متمانەی ئەندامانی سکرتاریەتی ئەنجومەنی گشتی بە هەمان ڕێکاری بڕگەی (١٨)ی ئەم ماددەیە دەبێت.
**حەڤدەم:** لەسەر داوایەکی واژۆکراوی لانیکەم (١٠) ئەندامی ئەنجومەنی گشتی، دەکرێ پێشنیازی نوێ بخرێتە خشتەی کاری ئاسایی ئەنجومەنەوە.

### ماددەی (٣٠)

هەر ئەندامێکی ئەنجومەنی گشتی لە چوراچێوەی پەیڕەوی کاری ئەنجومەندا ئازادی تەواوی رادەربڕینی هەیە، لە سۆنگەی راو بۆچوونەکانیەوە هیچ لێپرسراویەتێکی لە ناو ئەنجومەندا ناکەوێتە سەر شان.

### ماددەی (٣١)

هەر ئەندامێکی ئەنجومەنی گشتی دەبێت موڵكو سامانی خۆی ئاشکرا بکاتو فۆرمی بەرژەوەندییە داراییەکان پڕ بکاتەوە.

### ماددەی (٣٢)

ئەندامانی ئەنجومەنی گشتی بۆیان نییە دەسەڵاتی خۆیان لە هیچ چالاکییەکی بازرگانی بۆ بەدەستهێنانی قازانجی ماددی بەکار بهێنن، یاخود لە هەر چالاکییەکی بارزگانی، یان پرۆژەیەکی ئابوری ببنە هاوبەش بەشێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ.

### ماددەی (٣٣)

**یەکەم:** لەکاتی پێشێلکردنی پەیڕەوی ناوخۆی (ی.ن.ك)و پەیڕەوی کاری ئەنجومەنی گشتی لەلایەن سکرتێرو ئەندامانی سکرتاریەتو هەر ئەندامێکی ئەنجومەنی گشتی، بەزۆرینەی دەنگی (٣/٢)ی ئەندامانی ئەنجومەن، ئەندامێتی لە ئەنجومەندا هەڵدەپەسێردرێت.
**دووەم:** هەڵپەساردنی ئەندامێتی ڕێکاری بڕگەی (١)ی ئەم ماددەیە کاتێکی بۆ دیاری دەکرێت، کەمترینیان سێ مانگو درێژترینیان تا کۆنگرەی داهاتوو دەبێت.

**سێیەم:** لە کاتی پەیدابوونی بۆشایی لە ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی گشتی بەپێی ریزبەندی دەنگەکان، لەو کەسانەی لە کۆنگرەدا دەنگیان هێناوە، شوێنەکانیان پڕدەکرێنەوە.

## ماددەی (٣٤)

**یەکەم:** ئەنجومەنی گشتی ئەم کۆمیسیۆنانەی لای خوارەوەی دەبێتو راپۆرتی وەرزییان دەبێت:

١) کۆمیسیۆنی مافو سکالآ.
٢) کۆمیسیۆنی دەستپاکیو چاودێری دارایی.
٣) کۆمیسیۆنی پرۆگرامو پەیڕەوی ناوخۆ و رێکخستن.
٤) کۆمیسیۆنی بڕیارو راسپاردەکانی کۆنگرە.
٥) کۆمیسیۆنی چاودێری ئەدای نوێنەرانی (ی.ن.ك) لە حکومەتو پەرلەمان لە سەر ئاستی هەرێمو فیدڕاڵ.
٦) کۆمیسیۆنی میدیاو هەڵبژاردنەکان.
٧) کۆمیسیۆنی رێساو پەیڕەوی کاری ئۆرگانەکان.

**دووەم:** ئەرکو دەسەڵاتو ژمارەی ئەندامانی کۆمیسیۆنەکان لەلایەن ئەنجومەنی گشتییەوە لەپەیڕەوی کاری ئەنجومەندا دیاری دەکرێن.

**سێیەم:** ئەنجومەنی گشتی بۆی هەیە بەپێی پێویست کۆمسیۆنی پسپۆڕ دابمەزرێنێت.

## ماددەی (٣٥)

**یەکەم:** سەرجەم ئەندامانی دەستەی باڵا، دەستەی جێبەجێکار (رێکبار)، رێکبەندی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارێزگاو ئیدارە هاوشێوەکانو لێپرسراوی کاروباری ناوەندەکان، مافی دەنگدانیان لە ئەنجومەنی گشتی نامێنێ لە کاتی هەڵسەنگاندن یاخود بەدواداچوون یان لێپێچینەوە لە هەر ئۆرگانێکی دەستەی جێبەجێکار.

**دووەم:** سەرجەم ئەندامانی بڕگەی (یەکەم) لەم ماددەیە، مافی دەنگدانیان دەستەبەر دەبێت بۆ هەر پرسێکی دیکەی گشتی پەیوەست بە کوردستانو عیراقو ناوخۆی (ی.ن.ك).

**سێیەم:** سکرتێری ئەنجومەنی گشتی لە سەرجەم کۆبوونەوەکانی دەستەی باڵاو جێبەجێکار وەك چاودێر بەشدار دەبێتو دەتوانێ بۆچوونی خۆی پێشنیاز بکات، مافی دەنگدانی نییە جگە لە ئەگەری یەکسانبوونی دەنگی دەستەی جێبەجێکار بە رێژی (٥٠ بە ٥٠)، لەوکاتەدا دەنگی سکرتێری ئەنجومەن بۆ هەر لایەکیان یەکلاکەرەوە دەبێت.

**چوارەم:** هەموو ئەندامانی ئەنجومەنی گشتیو ئەندامانی دەستەی باڵا (راکارەکان)و رێکبارو رێکبەندو لێپرسراوی کاروباری ناوەندەکان یەکسانن لەرووی موچەو مافە ماددیو مەعنەوییەکانەوە.

## پێکهاتەی دەستەی باڵا

### ماددەی (٣٦)

دەستەی باڵا پێکدێ لە:

**یەکەم:** راکاری سیاسی.

**دووەم:** راکاری رێکخراوەیی.

**سێیەم:** راکاری مەکتەبەکان.

## هەڵبژاردنی سکرتێری ئەنجومەنی گشتیو راکارەکانی دەستەی باڵا

### ماددەی (٣٧)

**یەکەم:** سکرتێری ئەنجومەنی گشتی بەو رێوشوێنە هەڵدەبژێردرێت کە لە ماددەی (٢٦) بیستو شەش برگەی (٦)ی پەیرەودا هاتووە.

**دووەم:** ئەنجومەنی گشتی، لە دانیشتنی دووەمی خۆی کە لە (١٠) دە رۆژ تێپەڕ نەکات، لەناو ئەندامانیدا، سێ ئەندام بە شێوەی دەنگدانی راستەوخۆی نهێنی بۆ دەستەی باڵا هەڵدەبژێرێت، بەمشێوەیەی خوارەوە:

١) هەڵبژاردنی ئەندامێك بۆ راکاری سیاسی.
٢) هەڵبژاردنی ئەندامێك بۆ راکاری رێکخراوەیی.
٣) هەڵبژاردنی ئەندامێك بۆ راکاری مەکتەبەکان.

## ئەرکو دەسەڵاتەکانی دەستەی باڵا

### ماددەی (٣٨)

**یەکەم:** ئەرکو دەسەڵاتەکانی دەستەی باڵا:

١) دەستەی باڵا بەرزترین دەسەڵاتی جێبەجێکردنە لەناو (ی.ن.ك) دا.

٢) بە هەماهەنگیو هاوکاری ئۆرگانەکانی خۆیان، دارشتنی میکانیزمی جێبەجێکردنی سیاسەتی گشتی لەسەر ئاستی ناوخۆییو دەرەکیو پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی (ی.ن.ك) کە لەلایەن ئەنجومەنی گشتییەوە پەسندکراوە.
٣) دەستەی باڵا بەرپرسە لەئامادەکردنی لیستی ناوی پاڵێوراوان بۆ هەڵبژاردنە گشتییەکانو پۆستەکانی کابینەی حکومی کە لە لایەن دەستەی جێبەجێکار (ناوەندەکان)ەوە پێی دەگاتو ناردنی بۆ ئەنجومەنی گشتی بۆ پەسندکردن.
٤) دارشتنی پلانو بەرنامەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنە گشتییەکان.
٥) دەستەی باڵا دەتوانێت پێشنیازی گۆرینی هەر ئەندامێکی دەستەی جێبەجێکار (رێکبار)ێك لە بەرکەوتی خۆی بکات بۆ ئەنجومەنی گشتی.
٦) ئامادەکردنی رێککەوتننامەکانو خستنە بەردەمی ئەنجومەنی گشتی بە مەبەستی پێداچوونەوەو پەسندکردن.
٧) هەر ئەندامێکی دەستەی باڵا دەسەڵاتی دەرکردنی فەرمانی کارگێری هەیە بۆ دەستبەکاربوونو لەکارترازان لەچوارچێوەی ئۆرگانەکانی خۆیدا.
٨) جێبەجێکردنی هەموو ئەو بریارو رێسایانەی کە لەئەنجومەنی گشتییەوە دەردەچن.
٩) هەر بابەتو پرسێك، پەیوەست بە ناوخۆی (ی.ن.ك) یاخود کوردستانو عیراق، کۆدەنگی لە دەستەی باڵا لەسەر نەبوو، لەماوەی (١٥) رۆژدا لە دانیشتنێکی نائاسایی ئەنجومەنی گشتیدا، کە دەستەی باڵا داوای دەکات، یەکلایی دەکرێتەوە.
١٠) دەستەی باڵا دوو هەفتە جارێك، بە ئامادەبوونی سکرتێری ئەنجومەنی گشتی، کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ئەنجام دەدات.
١١) لەسەر داوای هەر ئەندامێکی دەستەی باڵا، دەبێت دەستەی باڵا کۆبووونەوە ئەنجام بدات.

**دووەم:** هەر یەك لە ئەندامانی دەستەی باڵا واتە راکارانی (سیاسی، رێکخراوەیی، مەکتەبەکان)، نوسینگەیەکی تایبەتی دەبێت کە پەیوەست دەبێت بە بەرێوەبەرایەتی کارگێری دەستەی جێبەجێکار.

## ئەرکو دەسەڵاتەکانی راکاری سیاسی لە دەستەی باڵا

### ماددەی (٣٩)

**یەکەم:** لەکۆرو کۆبوونەوەکانی ناوەوەو دەرەوەی کوردستان، وەك نوێنەری (ی.ن.ك)، لە بەرزترین ئاست بەشداری دەکات.

**دووەم:** لێدوان بەناوی (ی.ن.ك)ەوە دەدات.

**سێیەم:** سەرپەرشتی ناوەندی کاروباری نوێنەرانی (ی.ن.ك) دەكات لە حكومەتو پەرلەمانو ئەنجومەنی پارێزگاو شارەوانییەكان، كە پێكدێت لە:

١) كاروباری حكومەتی هەرێمو فیدراڵ.

٢) كاروباری پەرلەمانی هەرێمو فیدراڵ.

٣) كاروباری ئەنجومەنی پارێزگاو شارەوانییەكان.

**چوارەم:** سەرپەرشتی ناوەندی پەیوەندییە گشتییەكانی (ی.ن.ك) دەكات، كە پێكدێت لە:

١) پەیوەندییە كوردستانییەكان.

٢) پەیوەندییە عیراقییەكان.

٣) پەیوەندییە دەرەكییەكان.

**پێنجەم:** سەرپەرشتی ناوەندی كاروباری راگەیاندنو میدیا دەكات، كە پێكدێ لە:

١) كەناڵو تۆڕەكانی راگەیاندنی بینراو، بیستراو، نوسراو.

٢) راگەیاندنی تۆڕەكانی وێب (وێبسایت، سۆشیاڵ مێدیا) و سەرجەم بڵاوكراوەوە چاپخانەو چاپەمەنییەكانی (ی.ن.ك).

## ئەركو دەسەڵاتەكانی راكاری رێكخراوەیی لە دەستەی باڵا

### ماددەی (٤٠)

**یەكەم:** سەرپەرشتی ناوەندی كاروباری رێكخستن دەكات كە پێكدێ لە:

١) ئەنجومەنی سەركردایەتی سلێمانی،

٢) ئەنجومەنی سەركردایەتی (كەركوك، سەلاحەددین)،

٣) ئەنجومەنی سەركردایەتی هەولێر،

٤) ئەنجومەنی سەركردایەتی دهۆك،

٥) ئەنجومەنی سەركردایەتی (موسڵ، شەنگال)،

٦) ئەنجومەنی سەركردایەتی هەڵەبجە،

٧) ئەنجومەنی سەركردایەتی راپەڕین،

٨) ئەنجومەنی سەركردایەتی گەرمیان،

٩) ئەنجومەنی سەركردایەتی (خانەقین، گەرمەسێر)،

١٠) ئەنجومەنی سەركردایەتی (بەغدا، دەدرەوە).

**دووەم:** سەرپەرشتی ناوەندی كاروباری ئامارو راپرسیو هەڵبژاردن دەكات، كە پێكدێ لە:

١) كاروباری ئامارو راپرسی،

٢) كاروباری هەڵبژاردن.

## ئەرکو دەسەڵاتەکانی راکاری مەکتەبەکان لە دەستەی باڵا

### ماددەی (٤١)

**یەکەم:** سەرپەرشتی ناوەندی کاروباری دارایی‌و ئیدارەی گشتی دەکات کە پێکدێ لە:

١) کاروباری ئیدارەی گشتی،

٢) کاروباری دارایی‌و ئابوری،

**دووەم:** سەرپەرشتی ناوەندی کاروباری مەکتەبەکان دەکات کە پێکدێ لە:

١) کاروباری رێکخراوەکان،

٢) کاروباری هاوڵاتیانو پێکهاتەکان،

٣) کاروباری شەهیدانو پێشمەرگەو زیندانیانی سیاسی‌و کەمئەندامان،

٤) کاروباری ژنان.

**سێیەم:** سەرپەرشتی ناوەندی کاروباری دیراساتی ستراتیژی دەکات کە پێکدێ لە:

١) کاروباری توێژینەوەو لێکۆڵینەوە،

٢) کاروباری هۆشیاری‌و رۆناکبیری،

٣) پەیمانگای پێگەیاندنی کادیران.

### ماددەی (٤٢)

لەکاتی مردن یان وازهێنان یاخود دابڕانی هەر ئەندامێکی دەستەی باڵا بۆ ماوەی (٣) سێ مانگ لەسەر یەك، لەدانیشتنی ئەنجومەنی گشتی، ئەندامییەتی دەستەی باڵا لە دەستدەدا، بەهەڵبژاردن یەکێکی تر شوێنەکەی دەگرێتەوە.

## دەستەی جێبەجێکار

### ماددەی (٤٣)

**یەکەم:** دەستەی جێبەجێکار لە (١٢) دوازدە ئەندام پێکدێت کە سیانیان لە دەستەی باڵا دەبن.

**دووەم:** لانیکەم لە (٢٥٪) لە سەدا بیستو پێنجی ئەندامانی دەستەی جێبەجێکار ژن دەبن.

## هەڵبژاردنی ئەندامانی دەستەی جێبەجێکار

**ماددەی (٤٤)**

**یەکەم:** جگە لە (٣) سێ ئەندامەکەی دەستەی باڵا، (٩) نۆ ئەنەدامەکەی تری دەستەی جێبەجێکار، لەناو ئەندامانی ئەنجومەنی گشتی بەشێوەی تاکو راستەوخۆی نهێنی، بەزۆرینەی سادەی دەنگی ئامادەبووان، هەڵدەبژێردرێن.

**دووەم:** جگە لە (٣) سێ ئەندامی دەستەی باڵا، (٩) نۆ ئەندامەکەی تر بە ناوی (رێکبار)ەوە سەرپەرشتی ناوەندەکان دەکەن.

## ئەرکو دەسەڵاتەکانی دەستەی جێبەجێکار

**ماددەی (٤٥)**

**یەکەم:** دەستەی جێبەجێکار بەرپرسە لە جێبەجێکردنو بەدواداچوونی بڕیارو راسپاردەکانی ئەنجومەنی گشتیو دەستەی باڵا.

**دووەم:** جێبەجێکردنی پلانو بەرنامەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنە گشتییەکان.

**سێیەم:** دامەزراندنی بۆردێکی راوێژکاری لەکەسانی پسپۆڕو شارەزا بۆ سوود وەرگرتن لەتواناکانیان لەکاتی پێویستدا.

**چوارەم:** پێشنیازکردنی بودجەی ساڵانەی ئۆرگانو دامودەزگا پەیوەندارەکان بەدەستەی جێبەجێکارو بەرزکردنەوەی بۆ دەستەی باڵا.

**پێنجەم:** دەستەی جێبەجێکار بەرپرسە لەبەڕێوەبردنی ئەم ئۆرگانانەی خوارەوە:

١) ناوەندی کاروباری رێکخستن.

٢) ناوەندی ئامارو راپرسیو هەڵبژاردن.

٣) ناوەندی کاروباری مەکتەبەکان.

٤) ناوەندی کاروباری دیراساتی ستراتیژی.

٥) ناوەندی داراییو ئیدارەی گشتی.

٦) ناوەندی کاروباری راگەیاندنو میدیا.

٧) ناوەندی کاروباری پەیوەندییە گشتییەکان.

٨) ناوەندی کاروباری حکومەت و پەرلەمانو ئەنجومەنی پارێزگاو شارەوانییەکان.

**شەشەم:** پلەی رێکخراوەیی لێپرسراوی هەر ناوەندێك، (رێکبار)ی ناوەندە دەبێت.

**حەوتەم:** بەرنامەی کار بۆ خۆی دادەنێت، بەمەرجێك لێکدژ نەبێت لەگەڵ پەیڕەوی ناوخۆ.

**هەشتەم:** جگە لە دەسەڵاتەکانی ئەم ماددەیە، دەستەی جێبەجێکار ئەو دەسەڵاتانەی تر بەڕێوەدەبات کە لەم پەیڕەوەدا پێی دراوە.

## ماددەی (٤٦)

**یەکەم:** دەستەی جێبەجێکار ئۆفیسێکی کارگێڕی دەبێت بۆ هەڵسوڕاندنی کاری دەستەکە، پێکدێ لە:

١) بەڕیوەبەری ئۆفیسی کارگێڕی بە پلەی ئەندامی ئەنجومەنی گشتی کە لە ناو ئەنجومەنی گشتی هەڵدەبژێردرێ.

٢) ستافێکی پسپۆرو شارەزای خاوەن توانستی کارگێڕیو یاسایی، کە زمانە زیندووەکان بزانن‌و ژمارەیان لە (٥) پێنج ئەندام تێپەڕ نەکات.

**دووەم:** بەڕێوەبەری ئۆفیسی کارگێڕی لە سەرجەم کۆبوونەوەکانی دەستەی جێبەجێکار بەشدار دەبێت‌و مافی دەنگدانی هەیە.

**سێیەم:** دەستەی جێبەجێکار دەبێت هەردوو هەفتە جارێك کۆبوونەوەی ئاسایی بکات.

**چوارەم:** لەسەر داوای هەریەکێك لە ئەندامانی دەستەی باڵا، دەستەی جێبەجێکار کۆبوونەوەی نائاسایی دەکات.

**پێنجەم:** لەسەر داوای پێنج ڕێکباری (لێپرسراو) ناوەندەکان، کۆبوونەوەی دەستەی جێبەجێکار ئەنجام دەدرێ.

## ماددەی (٤٧)

**یەکەم:** ناوەندی کاروبارەکان، جگە لە ناوەندی کاروباری ڕێکخستن، لە (٣-٥) کاردێر پێکدێن، بەمشێوەیە:

١) کاردێرانی ناوەندی کاروباری ڕێکخستن لە (٧) کاردێر پێکدێ، دەبێ پسپۆرو شارەزای بواری ڕێکخستن بن‌و لانیکەم (١٠) دە ساڵ کاریان لەو بوارە کردبێت.

٢) پاڵێوراوانی کادرێرانی ناوەندی کاروباری ڕێکخستن، دوای پۆلینکردنیان لە دەستەی باڵا، لە ئەنجومەنی گشتی متمانەی کارکردن وەردەگرن.

٣) دوای پەسندکردنی کاردێرانی بڕگە (٢)ی ئەم ماددەیە، فەرمانی کارگێڕیو دەستبەکاربوونیان لە لایەن ناوەندی کاروباری ڕێکخستنەوە بۆ دەردەچێت.

**دووەم:** کاردێرانی ناوەندی کاروبارەکان دەبێ پسپۆر بن لە بواری کاری ناوەندەکانیان.

**سێیەم:** دیاریکردنی کاردێرانی ناوەندەکانی کاروبار بە پاڵاوتن دەبێت.

**چوارەم:** دیاریکردنی کاندیدی کاردێرانی ناوەندەکانی کاروبار بە پێشبڕکێ‌و خاڵبەندی دەبێت.

**پێنجەم:** دانانی کاردێرانی ناوەندەکانی کاروبار بە ڕەچاوکردنی بەرکەوتی دابەشبونی جوگرافی دەبێت.

**شەشەم:** دەبێ لە ماوەی (٤٥) چلو پێنج ڕۆژی دوای هەڵبژاردنی ئەندامانی دەستەی جێبەجێکار، کاردێرانی ناوەندەکانی کاروبار دیاری بکرێن.

**حەوتەم:** بەشەکانی کاروباری ناوەندەکان لە (٣-٥) ئەندامی کاروبار پێکدێن.

**هەشتەم:** ئەندامانی بەشەکانی کاروبار بەهەمان ڕێکاری بڕگەکانی (دووەم، سێیەم، چوارەم، پێنجەم، شەشەم)ی ئەم ماددەیە دەبێت.

**نۆیەم:** دەبێ ئەندامانی کاروباری پەیوەندییە عیراقیو دەرەکیەکان لانیکەم زمانی عەرەبیو ئینگلیزی (یاخود زمانێکی زیندووی ئەوروپی) بزانن.

## دەستەی دانایان

### ماددەی (٤٨)

**یەکەم:** پێکهێنانی دەستەی دانایان لە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەرو ئەندامانی پێشووی مەکتەبی سیاسیو سەرکردایەتی، بە هەماهەنگی دەستەی جێبەجێکارو چاودێری ئەنجومەنی گشتی، لە ماوەی (٤٥) چلو پێنج ڕۆژ دوای کۆنگرە، ئەرکو دەسەڵاتی بریتی دەبێت لە:

١) پێشنیازکردنو دەربڕینی بۆچوونیان دەربارەی پرۆژە یاسا بۆ فراکسیۆنی (ی.ن.ك) لە پەرلەمانی کوردستانو عیراق لەڕێی ئەنجومەنی گشتییەوە.
٢) پێشنیازکردنی ڕێسا بۆ ئەنجومەنی گشتی.
٣) پێشکەشکردنی ڕاسپاردە لە چوارچێوەی ڕاوێژی سیاسی دەربارەی پێشهاتە سیاسییەکانی پەیوەست بەکاروباری (ی.ن.ك).
٤) دابەشکردنی خەڵاتو ڕێزلێنان دوای ئەوەی لە لایەن دەستەی باڵا بڕیاری لێ دەدرێ.
٥) ناوەندگیری بۆ ئەو گرفتو کێشانەی ڕووبەڕووی هەڤاڵانی (ی.ن.ك) دەبنەوە بە ئامانجی نەهێشتنو ڕێگرتن لە دروستبوونی قەیرانی سیاسیو ڕێکخراوەیی ناو ریزەکانی (ی.ن.ك).
٦) پێشنیازکردنی ڕێکارەکانی چارەسەرکردنی ئەو قەیرانانەی دەگەنە خاڵی بنبەستو چەقبەستن بۆ ئەنجومەنی گشتی بە ئامانجی پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکانی (ی.ن.ك)و جوڵاندنیان لەڕێی دەستەی باڵاو دەستەی جێبەجێکارەوە.

**دووەم:** دەستەی دانایان بارەگایەکی سەربەخۆی دەبێت لەو شوێنەی کە خۆیان بە ڕاوێژ هەڵیدەبژێرن لە هەرێمی کوردستان.

**سێیەم:** دەستەی دانایان لێپرسراو و جێگرێك لە نێو ئەندامانی خۆیو لە کۆبوونەوەی یەکەمیاندا هەڵدەبژێری بۆ سەرپەرشتیکردنی کۆبوونەوەکانو دروستکردنی هەماهەنگی لەگەڵ سەرجەم ئۆرگانەکانی (ی.ن.ك)، کە ناوی راکاری دەستەی دانایان دەبێت.

## بەشی پێنجەم

**ماددەی (٤٩)**

ناوەندی کاروبارەکانی (ی.ن.ك) پێکدێن لە:

**یەکەم:** ناوەندی کاروباری ڕێکخستن.

**دووەم:** ناوەندی ئامارو ڕاپرسیو هەڵبژاردن.

**سێیەم:** ناوەندی چاودێری دارایی‌و ئیدارەی گشتی، کە ڕاستەوخۆ بە سکرتێری ئەنجومەنەوە گرێدراوە.

**چوارەم:** ناوەندی کاروباری مەکتەبەکان.

**پێنجەم:** ناوەندی کاروباری دیراساتی ستراتیژی.

**شەشەم:** ناوەندی دارایی‌و ئیدارەی گشتی.

**حەوتەم:** ناوەندی کاروباری ڕاگەیاندن‌و میدیا.

**هەشتەم:** ناوەندی کاروباری پەیوەندییە گشتییەکان.

**نۆیەم:** ناوەندی کاروباری حکومەت و پەرلەمان‌و ئەنجومەنی پارێزگاو شارەوانییەکان.

**ماددەی (٥٠)**

لێپرسراوی ناوەندەکانی ماددەی (٤٩) بە ناوی (ڕێکبار)ەوە ئەندامی دەستەی جێبەجێکار دەبن، کە بە هەڵبژاردن لە ئەنجومەنی گشتی دیاری دەکرێن.

**ماددەی (٥١)**

**یەکەم:** ناوەندەکانی ماددەی (٤٩)، دەبێت پەیڕەوی کار بۆ ڕێکخستنی کاروبارەکانیان دابنێن، بەمەرجێك لێکدژ نەبێت لەگەڵ پەیڕەوی ناوخۆ.

**دووەم:** هەر ناوەندێکی کاروبار کە لە ماددەی (٤٩)دا هاتووە، دەبێ پلانی پێشخستنی بواری ئۆرگانەکەی هەر (٦) شەش مانگ جارێك پێشکەشی دەستەی باڵا جێبەجێکردن بکات.

**سێیەم:** ناوەندەکانی ماددەی (٤٩)، جگە لەناوەندی کاروباری ڕێکخستن، لە (٣-٥) ئەندام پێکدێ بەناوی (کاردێر)ەوە کە پلە ڕێکخراوەییەکانیان لە سەرووی ئەندام (مەکتەب‌و کاروبار)ەوەیە، کە:

١) مافو ئەرك‌و چالاکییەکانیان لە پەیڕەوی کاری ناوەندەکە دیاری دەکرێت.

٢) دانانی کاردێرانی ناوەندەکان بە پاڵاوتن‌و پیشبڕکێ دەبێت لەسەر بنچینەی بەرکەوتو دابەشبوونی جوگرافی.

٣) پاڵێوراوانی پیشبڕکێی کاردێرانی ناوەندی دەبێ لە ئەنجومەنی گشتی پەسند بکرێن.

**چوارەم:** جگە لە ناوەندی کاروباری ڕێکخستن، سەرجەم کاروباری ناوەندەکانی ماددەی (٤٩) لە (٣-٥) ئەندامی کاروبار پێکدێن، کە:

١) مافو ئەرکو چالاکییەکانیان لە پەیڕەوی کاری ناوەندەکە دیاری دەکرێت.
٢) دانانی ئەندامانی مەکتەبو کاروبار بە پالاوتنو پێشبڕکێ دەبێت لەسەر بنچینەی بەرکەوتو دابەشبوونی جوگرافی.
٣) پالێوراوان بۆ ئەندامانی مەکتەبو کاروبار بە پێشبڕکێی دەبێ کە ناوەندەکان بە چاودێری دەستەی بالا دەستنیشانیان دەکاتو لە ئەنجومەنی گشتیش پەسند دەکرێن.
٤) ئەندمانی کاروبارو مەکتەبەکان دەبێ پسپۆرو شارەزای بوارەکانی خۆیان بن.

### ماددەی (٥٢)

لەکاتی مردن، یان وازهێنان، یاخود لەکار دابڕانی هەر ئەندامێکی دەستەی جێبەجێکار لەبەر هەر هۆکارێك کە لە (٤٥) ڕۆژ زیاتر بێت، لە ماوەی (١٥) ڕۆژدا، پاش ئاگادارکردنەوە، ئەنجومەنی گشتی شوێنەکەی پڕ دەکاتەوە.

### ماددەی (٥٣)

دوای دوو ساڵ لە دەست بەکاربوونیان هەڵسەنگاندن بۆ ئەدای ئەندامانی دەستەی جێبەجێکار (ڕێکبار)و لێپرسراوی کاروباری ناوەندو ڕێکبەندی (لێپرسراو) پارێزگاو ئیدارە هاوشێوەکان لە لایەن ئەنجومەنی گشتییەوە دەکرێ، ئەنجومەنی گشتی بۆی هەیە بە زۆرینەی ڕەهای دەنگی ئەندامانی گۆڕانکارییان تێدا بکات. کە دەشێت جارێکی تر خۆیان کاندید بکەنەوە.

## ناوەندی کاروباری ڕێکخستن

### ماددەی (٥٤)

**یەکەم:** ناوەندی کاروباری ڕێکخستن بەرزترین دەسەڵاتی ڕێکخستنە، ئەرکی بەڕێوەبردنی سەرجەم ئۆرگانەکانی ڕێکخستنو دانانی نەخشەی گشتی ڕێکخستن دەبێت.
**دووەم:** ناوەندی کاروباری ڕێکخستن پێکدێ لە (٧) بەش، هەر بەشەی لێپرسراوێکی دەبێت بەناوی کاردێر کە دەبێ شارەزایی‌و پسپۆڕیان لە کاری ڕێکخستن هەبێتو لانیکەم (١٠) ساڵ لە بواری ڕێکخستندا کاریان کردبێت.
**سێیەم:** پلەی کاردێرانی بڕگەی (٢)ی ئەم ماددەیە پلەیەکی ڕێکخراوەیی لە سەرووی پلەی ئەندامی (مەکتەبو کاروبار)ەوەیە.

**چوارەم:** مافو ئەرکو چالاکییەکانی بڕگەی (٢)ی ئەم ماددەیە لە پەیڕەوی کاری ناوەندەکە دیاری دەکرێت.
**پێنجەم:** دانانی کاردێری بەشەکانی ناوەندی کاروباری ڕێکخستن کە لە بڕگەی (٢)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە بە پاڵاوتنو پیشبڕکێ دەبێت لەسەر بنچینەی بەرکەوتو دابەشبوونی جوگرافی.
**شەشەم:** پاڵێوراوانی پیشبڕکێی کاردێری بەشەکانی ناوەندی کاروباری ڕێکخستن کە لە بڕگەی (٢)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە دەبێ لە ئەنجومەنی گشتی پەسند بکرێن.
**حەوتەم:** ناوەندی کاروباری ڕێکخستن بۆ ڕێکخستنی کاروباری ئۆرگانەکانی خۆی لەسەر ئاستی پارێزگاو قەزاو ناحیە پەیڕەوی کاری خۆی دەبێت.
**هەشتەم:** پەیکەری ڕێکخراوەیی ناوەندی کاروباری ڕێکخستن پێکدێ لە: ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارێزگاو ئیدارە هاوشێوەکان، ئەنجومەنی سەرکردایەتی بەغداو دەرەوە، ئەنجومەنی دەڤەر (لەسەر ئاستی قەزا)و ناحیەکان.
**نۆیەم:** بەشەکانی ناوەندی کاروباری ڕێکخستن پێکدین لە:

١) ڕێکخستن،
٢) چاودێریو هەڵسەنگاندن،
٣) ئامارو ڕاپرسیو هەڵبژاردن،
٤) بەڕێوەبردنو دارایی،
٥) ڕاگەیاندن،
٦) توێژینەوەو هۆشیاری،
٧) پەیوەندییەکان.

## سەرکردایەتی پارێزگاو ئیدارە هاوشێوەکان

### ماددەی (٥٥)

**یەکەم:** سەرکردایەتی پارێزگاو ئیدارە هاوشێوەکان بەرزترین دەسەڵاتی ڕێکخستنە لەسەر ئاستی سنوری جوگرافیای پارێزگاو ئیدارە هاوشێوەکان. ئەرکی بەڕێوەبردنی سەرجەم ئۆرگانەکانو دانانی نەخشەی گشتییە بۆ گەشەپێدانی (ی.ن.ك).
**دووەم:** لێپرسراوی یەکەمی ئەنجومەنی سەرکردایەتیو ئیدارە هاوشێوەکانی ناسناوی (ڕێکبەندی سەرکردایەتی پارێزگا)ی پێدەدرێ.
**سێیەم:** سەرکردایەتی پارێزگاو ئیدارە هاوشێوەکان بریتییە لە ئەنجومەنی ناوەندی پارێزگا، پێکدێ لە:

١) ڕێکبەندی (لێپرسراو) ئەنجومەنی سەرکرادیەتی پارێزگا بە پلەی ئەندامی ئەنجومەنی گشتی دەبێت، کە لەناو ئەنجومەنی گشتی، لە ئەندامانی پارێزگاکە هەڵدەبژێردرێ.

٢) یەك جێگر کە لەناو ئەنجومەنی گشتی هەڵدەبژێردرێ‌و سەرپەرشتی شاردێرەکانی سەرکردایەتی پارێزگا دەکات.

٣) (٩) نۆ شاردێر بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری حزبی لە سنوورەکە، هەر شاردێرێك لێپرسراوێکی دەبێت.

٤) (٤) چوار شاربەندی ناوەندی شار بۆ (باکور، باشور، ڕۆژهەڵات، ڕۆژئاوا)ی شار.

٥) وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سەر لیستی پارێزگا.

٦) ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان لە سەر لیستی پارێزگا.

٧) پارێزگار یان جێگری پارێزگار لە لیستی (ی.ن.ك).

٨) سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگا یاخود جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگا.

٩) سەرۆك یاخود جێگری فراکسیۆنی پارێزگا لە لیستی (ی.ن.ك).

١٠) قائیماقامی ناوەندی شار لە لیستی (ی.ن.ك).

١١) سەرۆکی یەکە ئیدارییەکانی سنوری پارێزگا لە لیستی (ی.ن.ك) کە پلەیان لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت.

١٢) لێپرسراوی دەڤەری قەزا لە لیستی (ی.ن.ك).

**چوارەم:** ئەنجومەنی دەڤەری قەزاو ناحیە لەسەر شێوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارێزگا پێکدەهێندرێ.

**پێنجەم:** ناوەندی شار دابەشی سەر چوار شاربەندی (باکور، باشور، ڕۆژهەڵات، ڕۆژئاوا) دەکرێ، بەمشێوەیە:

١) هەر شاربەندێك پێکدێ لە ژمارەیەك ناوەندی دەنگدانی هەڵبژاردنە گشتییەکان.

٢) لێپرسراوی هەر شاربەندێك ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارێزگا دەبێت.

**شەشەم:** لە چوارەچێوەی پەیڕەوی کاری ناوەندی کاروباری ڕێکخستن، پەیکەری ڕێکخراوەیی سنووری سەرکردایەتی پارێزگاو ئیدارە هاوشێوەکان بەمشێوەی خوارەوە ڕێکدەخرێ:

١) بازنەی کۆڵان، بازنەی بلۆکبەند، بازنەی گەڕەك، بازنەی شاربەند.

٢) ئەندامی کاراو ئەندامی باڵا ئەنجومەنی گەڕەك پێکدێنن.

**حەوتەم:** ڕێکبەند (لێپرسراو)و جێگری ئەنجومەنی پارێزگاو ئیدارە هاوشێوەکان دەبن لەو ئەندامانەی ئەنجومەنی گشتی هەڵبژرێردرێن کە لە خودی نوێنەرایەتی جوگرافیای پارێزگاو ئیدارە هاوشێوەکان سەرچاوەی گرتووە.

**هەشتەم:** هەموو سەرکردایەتیەکی پارێزگاو ئیدارە هاوشێوەکان دەتوانن بەپێی پێویست، شاردێر بۆ راپەڕاندنی کاروبارەکانی خۆیان پێك بێنن‌و پەیڕەوی کار بۆخۆیان دابنێن، شاردێرەکانیش بریتی دەبن لە:

١) شاردێری رێکخستن.
٢) شاردێری دارایی‌و ئیدارە.
٣) شاردێری شەهیدان‌و پێشمەرگەو تێکۆشەرو زیندانیانی سیاسی‌و دێرینەکان‌و کەمئەندامانی سەنگەر.
٤) شاردێری پەیوەندییەکان.
٥) شاردێری ئامارو راپرسی‌و هەڵبژاردن.
٦) شاردێری رێکخراوەکان.
٧) شاردێری هەڵسەنگاندن‌و بەدواداچوون.
٨) شاردێری حکومەت‌و پەرلەمان‌و ئەنجومەنە خۆجێییەکان.
٩) شاردێری میدیاو هۆشیاری‌و پێگەیاندنی کادران.

**نۆیەم:** ئەرکی شاردێرەکان بەمشێوەیە دابەش دەبێ:

١) شاردێرەکانی پارێزگاو ئیدارە هاوشێوەکان لە لێپرسراو و یاریدەدەرێك پێکدێت.
٢) لێپرسراوی شاردێر بەهەماهەنگی نێوان ناوەندی کاروباری رێکخستن‌و ئەنجومەنی سەرکرایەتی پارێزگاکان دیاری دەکرێ.
٣) هەر شاردێرێك لە (٣-٥) ئەندام پێکدێت کە ئەرکەکانیان بەسەردا دابەش دەکرێ‌و ئەندامانی شاردێر لەسەر بنەمای پسپۆری‌و پیشەیی لەلایەن ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارێزگاو ئیدارە هاوشێوەکانەوە دەپاڵێورێن‌و ناوەندی کاروباری رێکخستن بەپێی رێکارەکانی ئەم پەیڕەوە پەسندی دەکات.

**دەیەم:** کاری حکومەت‌و حزب وەك یەك پێکهاتە لە دەسەڵاتی سەرکردایەتی پارێزگاو ئیدارە هاوشێوەکان دەبێت.

**یازدەم:** هەر پارێزگاو ئیدارەیەکی هاوشێوە تەنیا یەك بارەگای سەرەکی دەبێت.

**دوازدەم:** لەسەر ئاستی دەڤەری قەزاو ناحیەکان یەك بارەگای سەرەکی دەبێت کە هەمان پێکهاتەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارێزگاو ئیدارە هاوشێوەکانی دەبێت.

**سێزدەم:** هەڵبژاردنی ئەندامی کارا لە کۆڵانی گەڕەکێك، لە نێوان ئەندامەکانیاندا، هەڵدەبژێردرێ.

**چواردەم:** سەرجەم وەزیرو پەرلەمانتارو پلە تایبەتییەکانی حکومەتی عیراقی فیدڕاڵ لە پشکی (ی.ن.ك) ئەندامی راستەوخۆ ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی بەغداو دەرەوە دەبن‌و دەبێ ئەرك‌و پابەندبوونی رێکخراوەیی‌و ئۆرگانی خۆیان لە چوارچێوەی کاری ئەنجومەنەکە رێکبخەن.

**ماددەی (٥٦)**

**یەکەم:** ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارێزگاو ئیدارە هاوشێوەکان هەر سێ مانگ جارێك کۆنفرانسێکی وەرزی ئەنجام دەدەن بە بەشداربوونی گشت ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارێزگاو دەڤەری قەزاو ناحیەکان، سەرۆك‌و لێپرسراوی یەکە ئیدارییەکانی بەشی (ی.ن.ك)لە سنوورەکە، ئەنجومەنی پارێزگا، وەزیرانی دانیشتوی سنوری پارێزگا، ئەندامانی پەرلەمانی (ی.ن.ك)دانیشتووی سنووری پارێزگاکە، گشت راوێژکارو بەڕێوەبەرە گشتییەکانی بەشی (ی.ن.ك)لە سنوری پارێزگاکە.

**دووەم:** ئامانج لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددیە پێداچوونەوەو هەڵسەنگاندن‌و خستنەرووی پێداویستییە هەنووکەییەکانی (ی.ن.ك)ی (حزبی‌و حکومی)و هاولاتیانی سنوورەکە دەبێت، وێرای دانانی میکانیزم‌و مەودایەکی زەمەنی بۆ بەدواداچوون‌و جێبەجێکردنی ئەو سکالاو پێشنیازانەی ئاراستەی سەرکردایەتی شار دەکرێن.

## ناوەندی کاروباری ئامارو راپرسی‌و هەڵبژاردن

**ماددەی (٥٧)**

**یەکەم:** ناوەندی کاروباری ئامارو راپرسی‌و هەڵبژاردن لە لایەن ئەندامێکی دەستەی جێبەجێکارەوە سەرپەرشتی دەکرێت.

**دووەم:** ناوەندی کاروباری ئامارو راپرسی‌و هەڵبژاردن پێکدێ لە دوو بەش، هەر یەکێکیان ئەندامێکی ئەنجومەنی گشتی بەرپرسی دەبێت کە لە ئەنجومەنی گشتی هەڵدەبژێردرێن، بەشەکانیش بریتین لە:

١) کاروباری ئامارو راپرسی.

٢) کاروباری هەڵبژاردن.

**سێیەم:** ناوەندی کاروباری ئامارو راپرسی‌و هەڵبژاردن پەیڕەوی کار بۆ خۆی دادەنێت، بەمەرجێك لێکدژ نەبێت لەگەڵ پەیڕەوی ناوخۆی (ی.ن.ك).

**چوارەم:** ناوەندی کاروباری ئامارو راپرسی‌و هەڵبژاردن خولی وەرزی لە پەیمانگای کادیران دەکاتەوە بۆ راهێنانی کادری پیشەیی بواری هەڵبژاردن.

**پێنجەم:** سالانە دوو جار ئامارێکی گشتی، لە هەڵکشان‌و داکشانی دەنگەکان‌و روپێوی گشتی دەنگدەران‌و ئاراستەکانیان دەخاتە بەردەم دەستەی بالا.

**شەشەم:** سیاسەتە گشتییەکان پێشخستنی ئاستەکانی دەنگدان‌و گلدانەوەی بە قازانجی (ی.ن.ك) لە شێوەی توێژینەوەی ئەکادێمی دەخاتە بەردەم ئەنجومەنی گشتی.

**حەوتەم:** لە سەرجەم کۆنفرانسە کوردستانیو عیراقیو هەرێمیو دەرەکییەکان بە چەند نوێنەرێك بەشدار دەبێت بۆ ئاگاداربوون لە کارە هونەرییەکانی پێشخستنی بوارەکانی هەڵبژاردن.

## ناوەندی کاروباری چاودێری دارایی

**ماددەی (٥٨)**

**یەکەم:** ناوەندی کاروباری چاودێری دارایی راستەوخۆ پەیوەست دەبێت بە سکرتێری ئەنجومەنی گشتی کە پێکدێت لە دوو بەش، هەر یەکێکیان ئەندامێکی ئەنجومەنی گشتی بەرپرسی دەبێت کە لە ئەنجومەنی گشتی هەڵدەبژێردرێن، بەشەکانیش:

١) چاودێری دارایی ئیدارەی گشتی.

٢) چاودێری دارایی ئابوریو بازرگانی.

**دووەم:** ئەرکی ناوەندی کاروباری چاودیری دارایی بریتی دەبێت لە وردبینیو بەدواداچوونو هەڵسەنگاندنی ژمێریاری سەرجەم ئۆرگانەکانی (ی.ن.ك).

**سێیەم:** بەشەکانی ناوەندی چاودێری داراییو ئیدارەی گشتی بە ئاگاداری لێپرسراوی ناوەندەکەو بێ ئاگادارکردنەوەی پێشوەختو لە ناکاو دەتوانن سەردانی سەرجەم ئۆرگانەکان بکەنو پەڕاوە ژمێرياريیەکان وردبینی بکەن.

**چوارەم:** ناوەندی چاودێری دارایی بەرپرسە لە کۆکردنەوەو تۆمارکردنی داتای سەرجەم موڵکە گواستراوەو نەگواستراوەکانی (ی.ن.ك) لە ناوەوە دەرەوەی وڵات.

**پێنجەم:** بە ئاگاداری دەستەی باڵا، یاخود ئەنجومەنی گشتی، دەسەڵاتی جوڵاندنی هەر کەیسێکی یاسایی هەیە کە پەیوەست بێت بە بەرکەوتە یاساییە داراییەکانی (ی.ن.ك) لە هەر شوێنێك بێت.

**شەشەم:** لە ئەگەری تێوەگلانو پشبەست بە بەڵگە بەردەستەکان، دەتوانێ دۆسیێ گەندەڵی دارایی بۆ هەر هەڤاڵێك بکاتەوە لە هەر ئاستێکدا بێت.

**حەوتەم:** دەسەڵاتی دامەزراندنو گواستنەوەو دانانی پلەو ناونیشانی کاری هەیە.

## ناوەندی کاروباری مەکتەبەکان

**ماددەی (٥٩)**

**یەکەم:** ناوەندی کاروباری مەکتەبەکان پێکدێت لە کاروباری (٤) چوار مەکتەب، هەر یەکەیان ئەندامێکی ئەنجومەنی گشتی بەرپرسی دەبێت کە لە ئەنجومەنی گشتی هەڵدەبژێردرێن، مەکتەبەکانیش بریتین لە:

١) کاروباری رێکخراوەکان،
٢) کاروباری هاوڵاتیانو پێکهاتەکان،
٣) کاروباری پێشمەرگەو شەهیدانو تێکۆشەرانو زیندانیانی سیاسی،
٤) کاروباری ژنان.

**دووەم:** ناوەندی کاروباری مەکتەبەکان بە شێوەیەکی پیشەیی کاروبارەکان رێکدەخات.

**سێیەم:** ناوەندی کاروباری مەکتەبەکان پەیڕەوی کار بۆ خۆی دادەنێت، بەمەرجێك لێکدژ نەبێت لەگەڵ پەیڕەوی ناوخۆی (ی.ن.ك).

**چوارەم:** ناوەندی کاروباری مەکتەبەکان ساڵانە کۆنفرانسێکی گشتی بۆ سەرجەم بەشو کاروبارەکانی دەبەستێت.

## ناوەندی کاروباری دیراساتی ستراتیژی

**ماددەی (٦٠)**

**یەکەم:** ناوەندی کاروباری دیراساتی ستراتیژی پێکدێت لە سێ بەش، هەر یەکێکیان ئەندامێکی ئەنجومەنی گشتی بەرپرسی دەبێت کە لە ئەنجومەنی گشتی هەڵدەبژێردرێن، بەشەکانیش:

١) کاروباری توێژینەوەو لێکۆڵینەوە.
٢) پەیمانگای پێگەیاندنی کادیران.
٣) کاروباری هۆشیاریو رۆناکبیری.

**دووەم:** ئەرکی ناوەندی کاروباری دیراساتی ستراتیژی بریتی دەبێت لە ئامادەکردنی دۆسیێی توێژینەوەی ئەکادیمیو زانستی، بە تایبەتی توێژینەوەی سیاسیو هەڵسەنگاندنە گشتییەکانی سەرجەم رایەڵبەندییە ناوخۆییو دەرەکییەکان.

**سێیەم:** پێویستە ناوەندی کاروباری دیراساتی ستراتیژی مانگانە راپۆرتێکی گشتی بخاتە بەردەم دەستەی باڵا.

**چوارەم:** خولی بەردەوامی پێگەیاندنی کادیران دەکاتەوەو بەپێی پلەبەندی ئۆرگانی خولەکان تا ئاستی ئەندامانی ئەنجومەنی گشتی ڕێکدەخات.
**پێنجەم:** ناوەندی کاروباری دیراساتی ستراتیژی پەیڕەوی کار بۆ خۆی دادەنێت، بەمەرجێك لێکدژ نەبێت لەگەڵ پەیڕەوی ناوخۆی (ی.ن.ك).

## ناوەندی کاروباری دارایی‌و ئیدارەی گشتی

### ماددەی (٦١)

**یەکەم:** ناوەندی کاروباری دارایی‌و ئیدارەی گشتی پێکدێت لە دوو بەش، هەر یەکێکیان ئەندامێکی ئەنجومەنی گشتی بەرپرسی دەبێت کە لە ئەنجومەنی گشتی هەڵدەبژێردرێن، بەشەکانیش:

١) کاروباری ئابوری و بازرگانی.
٢) کاروباری ئیدارەی گشتی.

**دووەم:** ئەرکی ناوەندی کاروباری دارایی‌و ئیدارەی گشتی بریتی دەبێت لە دامەزراندن‌و پەرەپێدانی پرۆژەی ئابوری‌و سەرچاوەی داهات بۆ (ی.ن.ك).
**سێیەم:** پێویستە ناوەندی کاروباری دارایی‌و ئیدارەی گشتی ئاگاداری سەرجەم داهات‌و موڵك (گواستراوەو نەگواستراوە)و خەرجییەکانی (ی.ن.ك) بێت.
**چوارەم:** لە مانگی کانونی یەکەمدا، ناوەندی کاروباری دارایی‌و ئیدارەی گشتی راپۆرتی دارایی ساڵانەی خۆی پێشکەش بە دەستەی باڵا دەکات.
**پێنجەم:** ناوەندی کاروباری دارایی‌و ئیدارەی گشتی پەیڕەوی کار بۆ خۆی دادەنێت، بەمەرجێك لێکدژ نەبێت لەگەڵ پەیڕەوی ناوخۆی (ی.ن.ك).
**شەشەم:** ناوەندی کاروباری دارایی‌و ئیدارەی گشتی دەبێ سەرجەم موڵکە نەوگواستراوەکان (املاك غیر منقولة) کە بەناوی کەسەکانەوەن، بە ڕێکارێکی یاسایی بگوازێتەوە سەر موڵکی گشتی (ی.ن.ك) وەك پێکهاتەی سیاسی.

## ناوەندی کاروباری راگەیاندن‌و میدیا

### ماددەی (٦٢)

**یەکەم:** ناوەندی کاروباری راگەیاندن‌و میدیا پێکدێت لە دوو بەش، هەر یەکێکیان ئەندامێکی ئەنجومەنی گشتی بەرپرسی دەبێت کە لە ئەنجومەنی گشتی هەڵدەبژێردرێن، بەشەکانیش:

١) کاروباری بینراو، بیستراو، نوسراو.

٢) کاروباری تۆڕەکانی نێتو سۆشیاڵ مێدیاو بڵاوکراوەو چاپەمەنییەکانی.

**دووەم:** ڕێکباری (لێپرسراو) ناوەندی کاروباری ڕاگەیاندنو میدیا وتەبێژی فەرمی دەستەی جێبەجێکار دەبێت.

**سێیەم:** ناوەندی کاروباری ڕاگەیاندنو مێدیا ، پەیڕەوی کار بۆ خۆی دادەنێت، بەمەرجێك لێکدژ نەبێت لەگەڵ پەیڕەوی ناوخۆ.

**چوارەم:** بۆ پێشخستنی ڕەوتەکانی مێدیاو گەشەپێدانی گوتاری ڕاگەیاندنو گەیاندنی سیاسەتو ئامانجەکانی (ی.ن.ك)، کۆنفرانسی ساڵانە دەبەستێت.

**پێنجەم:** ئەرکی یەکخستنی سەرجەم کەناڵو سەرچاوەکانی ڕاگەیاندنی (ی.ن.ك)ی لە ئەستۆدایە تەرخانکردنی بەشێك بۆ میدیای عەرەبیو ئینگلیزی.

## ناوەندی کاروباری پەیوەندییە گشتییەکان

### ماددەی (٦٣)

**یەکەم:** ناوەندی کاروباری پەیوەندییە گشتییەکان پێکدێت لە سێ بەش، هەر یەکێکیان ئەندامێکی ئەنجومەنی گشتی بەرپرسی دەبێت کە لە ئەنجومەنی گشتی هەڵدەبژێردرێن، بەشەکانیش پێکدێت لە:

١) پەیوەندییە کوردستانییەکان.

٢) پەیوەندییە عیراقییەکان.

٣) پەیوەندییە دەرەکییەکان.

**دووەم:** ناوەندی کاروباری پەیوەندییە گشتییەکان، پەیڕەوی کار بۆ خۆی دادەنێت، بەمەرجێك لێکدژ نەبێت لەگەڵ پەیڕەوی ناوخۆی (ی.ن.ك).

**سێیەم:** بۆ تاوتوێکردنی ئەرکەکانو دانانی نەخشەی گونجاو بۆ پێشخستنی پەیوەندییەکانی (ی.ن.ك)، کۆنفرانسی ساڵانە دەبەستێت.

## ناوەندی کاروباری حکومەتو پەرلەمان

### ماددەی (٦٤)

**یەکەم:** ناوەندی کاروباری نوێنەرانی (ی.ن.ك) لە حکومەتو پەرلەمانو ئەنجومەنی پارێزگاو شارەوانییەکان پێکدێت لە سێ بەش، هەر یەکێکیان ئەندامێکی ئەنجومەنی گشتی بەرپرسی دەبێت کە لە ناو ئەنجومەنی گشتی هەڵدەبژێردرێن، بەشەکانیش پێکدێت لە:

١) کاروباری حکومەتی هەرێمو فیدڕاڵ.

٢) کاروباری پەرمانی هەرێمو فیدڕاڵ.
٣) کاروباری ئەنجومەنی پارێزگاو شارەوانییەکان.

**دووەم:** ناوەندی کاروباری حکومەتو پەرلەمان، پەیڕەوی کار بۆ خۆی دادەنێت، بەمەرجێك لێکدژ نەبێت لەگەڵ پەیڕەوی ناوخۆی (ی.ن.ك).

**سێیەم:** بۆ تاوتوێکردنی ئەرکەکانو دانانی نەخشی گونجاو، کۆنفرانسی ساڵانە دەبەستێت.

## ماددەی (٦٥)

**یەکەم:** یەکێتی نیشتمانی کوردستان ساڵانە فۆرومێکی سیاسی نیشتمانی ( National Policy Forum) کۆنفرانسێکی گشتی ئەنجام دەدات، بەشداربوانی بریتی دەبن لە:

١) تێکڕای ئەندامانی ئەنجومەنی گشتی (دەستەی باڵا، ڕێکباری ناوەندەکان، ئەندامانی ئەنجومەنی گشتی، ڕێکبەندانی سەرکردایەتی پارێزگاو جێگرەکانیان، لێپرسراوی کاروباری ناوەندەکان، بەشەکانی سەرجەم ناوەندەکان، بەشەکانی سەرجەم کاروباری ناوەندەکان، سەرجەم ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارێزگاو ئیدارە هاوشێوەکان).
٢) سەرجەم پەرلەمانتارانی (ی.ن.ك)لە هەرێمو فیدڕاڵ.
٣) سەرجەم وەزیرەکانی (ی.ن.ك) لە هەرێمو فیدڕاڵ.
٤) سەرجەم سەرۆكو لێپرسراوی یەکە ئیدارییەکانی لیستی (ی.ن.ك) لە گشت پارێزگاکان.

**دووەم:** ئامانجی ئەم کۆڕبەندییە (فۆڕوم) بریتییە لە داڕشتنو هەڵسەنگاندنی هێڵە گشتییەکانی ستراتیژو بەرنامەی کاری سیاسی (ی.ن.ك)و خستنەرووی پرۆژەو پێشنیازەکان بۆ ئەنجومەنی گشتیو دەستەی باڵاو دەستەی جێبەجێکار بە مەبەستی بەرجەستەکردنیان بەشێوەیەکی کردەیی.

**سێیەم:** کارو چالاکی ساڵێکی سەرجەم ئۆرگانە بەشداربووەکان بە ڕاپۆرتێك لەو کۆڕبەندییە پێشەکەش دەکرێ.

## ماددەی (٦٦)

سەرجەم ئەندامانی ئۆرگانەکانی دەستەی جێبەجێکار لە ڕێگەی پێشکەشکردنی (CV)ەوە لە لایەن ئەنجومەنی گشتییەوە دیاری دەکرێن.

## ماددەی (٦٧)

پلەی ڕێخکراوەیی تەنها بۆ ئۆرگان دەبێ.

### ماددەی (٦٨)

هەر بڕیارێك پێچەوانەی ئەم پەیڕەوەبێت، کاری پێناکرێت.

### ماددەی (٦٩)

ئەم پرۆگرامو پەیڕەوی ناوخۆییە پاش پەسندکردنی بەدەنگی (٣/٢)ی دوو لەسەر سێی کۆنگرە، جێبەجێدەکرێت. پاش پەسندکردن، سەرجەم ئەندامان پاپەند دەبن بە پەیڕەوکردنو جێبەجێکردنیەوە.

### ماددەی (٧٠)

ئەم پرۆگرامو پەیڕەوە ناوخۆییە، لەبەر ئەوەی پەسندکراوی چوارەمین کۆنگرەیە جێبەجێ دەکرێت.

**ئامادەکردنی ئەنجومەنی ناوەندی**

**شوباتی ٢٠١٨**